## کاتێك فرمێسکەکانی ژنێک ڕایگرتم




**هاوار طیب**

کاتێك گوڵی ناو ژوورەکەم
لەسیمام دەڕوانێ،
هێدی هێدی فرمێسك لەچاوانی دەتکێ و
تەنیایەکانم پڕ دەکات لەخۆی.
کاتێك شەقامەکان تەی دەکەم،
گوڵەکانی سەر ڕێگام
باوەشی پڕ لەغەمگینیم بۆ دەکەنەوە.
ئاااي پیاو!
چ بەڵایەکی گەورەی،
چ ئافاتێك لەهزرتدا شاردۆتەوە؟
چ ڕقێك لەدڵتا حەشارداوە؟
چ ساردییەك بەدەورمدا
دەکێشی؟
بەچ چەقۆیەکی کول
سەری هەستەکانم دەبڕی؟
ئاااي پیاو!
لەخەونتدا، چ نشووستیەکم بۆ دێنی،
بەچ خوانێك بێهۆشم دەکەی
بەچ خواردنەوەیەك دەممرێنی.

**رانیە**
**هاوار تەیب**